KCCRC

Islamic Studies

# تەریقەتی قادری مێژوو، سروتە ئایینی و عیرفانییەکانی



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١١٥

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# تەریقەتی قادری مێژوو، سروتە ئایینی و عیرفانییەکانی

عەبدولا ئەحمەد محەمەد

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١١٥

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

تەمووزی ٢٠٢٠

# تەریقەتی قادری مێژوو، سروتە ئایینی و عیرفانییەکانی

عەبدولا ئەحمەد محەمەد

## پێشەکی

تەسەوف بە گشتی جۆرێکی پەیڕەویکردنە لە ئایینی ئیسلام، لە گوفتار و کردار ، لە سەردەمی پەیامبەر خۆیشیدا کەسانێکی وا هەبوون، زیاتر لە هاوەڵەکانیان سەرگەرمی خواپەرستی بوون، دوای ئەویش هەرکات بارودۆخی ڕێبەرانی ئیسلام ڕووی دەکردە دنیاداری و تێکەڵبوونی زۆر لەگەڵ دنیا و هەوڵدان بۆ دەستکەوتی دنیایی، هەندێ لە خواپەرستان دووردەکەوتنەوە لە دنیا و سەرزەنشتی ئەوانەیان دەکرد کە خویان داوەتە دەستکەوتە دنیاییەکانیان، جا هەر لەم ڕوانگەیەوە لە کوردستانیشدا تەسەوف شوێنی خۆی کردۆتەوە و لەم بوارەشدا هەردوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری زۆر بەخێرایی تیایدا بڵاوبوونەتەوە و جێگە دەستیان لەم وڵاتەدا دیارە، لەم پوختە توێژینەوەدا باسێک لە مێژووی سەرهەڵدانی «تەریقەتی قادری» و لقەکانی ئەم تەریقەتە لە وڵاتی کوردەواریدا و سروتە ئایینی و عیرفانییەکانی دەکەین.

## تەریقەتی قادری

ڕێبازێکی سۆفیگەرییە، بە پێی بۆچوونی شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازە دەدرێتە پاڵ عاریفی گەورە شێخ عەبدولقادری گەیلانی «٤٧٠ک - ٥٦١ز / ١٠٧٧-١١٦٥ز»، پەیڕەوکارانی ئەم ڕێبازە بە وڵاتاندا پڕاون و زۆرن بەتایبەتی لە عێراق، شام، میسر، پاکستان و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، ئەم ڕێبازە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و بنەما و ڕەوش و سروتی هەن کە پەیڕەوکارانی پێوەی پابەند دەبن، وەک زۆر یادی خوداکردن، کۆبوونەوە و گوێگرتن و زۆر خۆشویستنی شێخەکەیان و پیاوچاکان، بەگشتی ڕێچکەی تریشی لێ بوونەتەوە لەوانە عەرەکی، بریفکانی، کەسنەزانی و ...تاد«١»

شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە ساڵی «٥٢٥»کۆچی لەلایەن «ئەبولخەیر محەممەدی کوڕی موسلیم ئەلدەباس» ڕێچکەی تەسەوف دەگرێتەبەر، دواتر لەلایەن «قازی ئەبوسەعید ئەلموبارەک»ـەوە، جللوبەرگی تایبەتی تەسەوف - خەرقەپۆشی و ڕێوشوێنەکانی فێر دەبێت و لەبەری دەکات، ئەم پیاوە بەڕێوەبەری قوتابخانەی حەنبەلیە بووە لە بەغدا، پاشان شێخ عەبدولقادر دەستی کردووە بە وانەوتنەوە و ئامۆژگاری، ڕۆژ بە ڕۆژ لایەنگران و بیسەرانی زۆر دەبوون، یەکەم قوتابخانەی ئایینی لە ناوچەی «بابولحەلبا» بووە، تا ئەو کاتەی لەلایەن موریدەکانیەوە لە دەرەوەی شاری بەغداد تەکیەیەکی بۆ دروست دەکەن، لە ساڵی «٥٢٨ک - ١١٣٣ز» قوتابخانەی «موبارەک ئەلمەخرەمی» بۆ بنیادنرا و ئەویش بووە سەرپەرشتیار و ڕاپەڕێنەری ئەو قوتابخانەیە، بەیانیانی ڕۆژی هەینی و ئێوارانی دووشەممە لەم قوتابخانەیەدا وانە و وتاری گوتووەتەوە بە خەڵکی، هەروەها بەیانیانی ڕۆژی یەکشەممە لە مزگەوتی ئەم قوتابخانەیە وتاری بۆ خەڵکی داوە، ئەم پیاوە فەتوادەری کێشە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان بووە، تا گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە وەزیر و خەلیفە و کاربەدەستەکانی وڵات لە کاروبارەکانیاندا ڕاوێژیان پێکردووە و بۆچوونیان بە گرنگ وەرگرتووە، هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئەوە بووە کە کارێک نەکات پێچەوانەی ئایین بێت، دەڵێن ئەوەندە قسەکانی کاریگەر بوون بووەتە هۆی مسوڵمان بوونی زۆرێک لە جوولەکە و مەسیحییەکان و زۆر خۆشەویست بووە لەلای خەڵکی بەغدا«٢». چەندیم پەرتووک لەمەڕ ژیانی ئەو کەسایەتییە نووسراون، لەوانە:

١- ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیز «مرجلیوث» پەڕاوێکی لەسەر ژیانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی نووسیوە، کە وەک

پاشکۆی گۆڤاری ئاسیای ئینگلیزی بڵاوی کردۆتەوە.
٢- مناقب الشيخ عبدالقادر الجيلاني، نووسینی: موسای کوڕی محەممەدی یۆنینی.
٣- بهجة الأسرار، نووسینی: عەلی کوڕی یوسفی شتنۆفی.
٤- قلائد الجواهر في مناقب الشيخ عبدالقادر، نووسینی: محەممەدی کوڕی یەحیای تازفی.
٥- فريج الخاطر في مناقب الشيخ عبدالقادر، کە «عبدالقادر محيی الدين الإربلي» بە فارسی نووسیویەتی. «٣»

شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بیروباوەڕدا پەیڕەوی

> شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بیروباوەڕدا پەیڕەوی ئەبولحەسەنی ئەشعەری و لە مەزهەبیشدا پەیڕەوی پێشەوا شافیعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کردووە

ئەبولحەسەنی ئەشعەری و لە مەزهەبیشدا پەیڕەوی پێشەوا شافیعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کردووە«٤»، لەلای سۆفیەکانی هیندستان، عێراق و تورکیا خاوەنی ڕێز و کەرامات بووە، ئەو کۆمەڵێک بەرهەم و پەرتووکی گرانبەهای لە بواری ئامۆژگاریدا هەیە، سەرجەمی بەرهەمەکانی دەرخەری پەیامی ڕاستگۆیانەی شێخ عەبدولقادری گەیلانین، لەبواری بیروباوەڕی ئایینی و پەروەردەی دەروونی و دەسپاکی لە ئایین و هەروەها ناسینی خودا و دەمپاراوی لە ڕێنموونی و ئامۆژگاری خەڵکیدا، شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەساڵی «٥٦١» کۆچی لە شاری بەغداد کۆچی دوایی دەکات و لە مەزارگەکەی لە «بابوشێخ» کە بووەتە جێگەی سەردانی خەڵکی و خۆشەویستانی ئەسپەردە کراوە«٥».

## بڵاوبوونەوەی تەریقەتی قادری لە کوردستان

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە «سەیید ئیسماعیلی ولیانی - قازانقایە» یەکەم کەس بووە لە کوردستاندا بەیعەتی بە تەریقەتی قادری داوە و لەڕێی ئەوەوە ئەم ڕێبازەی سۆفیگەری بە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە«٦»، «سەیید ئیسماعیلی ولیانی» پێشتر خۆی کتریگەر بوو بە تەریقەتی «عەلەویی» کە بەشێکە لە تەریقەتی «خەڵوەتی» و هەندێک لە تەریقەتی نووربەخشی و بڕێک لە بیر و ئەندێشەی تایبەتی خۆی لە تەسەوفدا پێکەوە کۆکردبوویەوە و کاری لەسەر دەکرد و وەک ڕێبازێکی سەربەخۆ جێبەجێی دەکرد، بەڵام دواتر بووە دڵخوازی تەریقەتی قادری و خۆی ڕادەستی ئەو هزرە عیرفانییە کرد«٧»، ئەم بارودۆخە تا سەردەمی شێخ محەممەد نودێیی ناسراو بە «كبريت الأحمر» بەردەوام بوو، دوای مردنی ئەو (سەیید محەممەد کوڕی سەیید ئیسماعیلی قازانقایەیی) دەبێتە جێگرەوەی باوکی، کە لە هەندێ سەرچاوەدا بە «ئیسماعیل ولیانی» ناوی هاتووە،(٨) ئەم پیاوە دوای وەرگرتنی تەریقەت لەباوکییەوە، ڕۆیشت بۆ بەغداد و چووە خزمەتی شێخ ئەحمەدی ئەحسائی(٩)، بەیعەتی پێدا و پاشان بە هۆی ئەوەوە تەریقەتی قادری وەردەگرێ، پاش گەڕانەوەی لە بەغداد لە گوندێک بەناوی «قازانقایە» لەدەڤەری قەرەداغ (١٠) نیشتەجێ بوو، خەڵکی کوردستان لە هەموو شوێن و ناوچەکانەوە ڕوویان تێکرد و چەندین زانا و پیاوەی ئایینی بەیعەتیان پێدا، ئەویش چوار جێگرەوە «خەلیفە»ی وەکو نوێنەری خۆی دیاریکرد، کە بریتی بوون لە: کوڕەکەی خۆی کە ناوی «سەیید ڕەزا دێلێژەیی»، براکەی «سەیید عەلی دۆڵپەمویی»، برازاکەی «شێخ محەممەد قوڵەیی» و «مەلا عەلی سوسەیی» بوون،


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

سەید محەمەد ڕۆیشت بۆ «هیرات» لە پاکستان و لەوێ نیشتەجێ بوو، هەرلەوێ زۆرێک لە نەوە و نەوەزای لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، شێخ موسا لە بەرزنجە مایەوە و خوشکی حاجی شێخ خالیدی خواست و کردیە هاوسەری خۆی، پاشان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی تەریقەت چووە ناوچەی «ئاغجەلەر»، دوای ژیانئاوایی شێخ موسا، براکەی واتە: شێخ عیسا، ژنەکەی دەخوازێ «واتە ژنی شێخ موسای برای» و دەیکاتە هاوسەری، ئەنجامی ئەم هاوسەرگیرییەیش خستنەوەی دوانزە کوڕ بوون، کە ئەمانەن: عەبدولکەریم، سەیید محەمەد، سەییدسادق، میری

> سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە «سەیید ئیسماعیلی ولیانی - قازانقایە» یەکەم کەس بووە لە کوردستاندا بەیعەتی بە تەریقەتی قادری داوە و لەڕێی ئەووە ئەم ڕێبازەی سۆفیگەری بە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سور، ویسالەددین، سوڵتان ئیسحاق، کەمالەددین، جەمالەددین، عەباس، بایەزید، حەسەن و حسێن.«١١».

ئەم کوڕانەی لە ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگای سلێمانی بڵاوبوونەتەوە، «سەییدسادق» لەسەر لوتکەی قەڵایەک نێژراوە کە ناوەندی شارەزوورە و ئەو شارەش لە نزیک گۆڕەکەی بەناوی ئەووە ناونراوە، «میری سور» ئەویش لە لادێیەک نێژراوە لەنێوان هەورامان و شارەزوور و ئەو گوندەش لەوێ بە هەمان ناوی ئەم پیاوچاکەوەیە، «شێخ عەباس» لە لادێیەکی نزیک شاری سلێمانییە بە ناوی «وڵوبە» بەخاک سپێرراوە، ئارامگای «ویسالەددین» و «کەمالەددین» و «جەمالەددین» لە گوندێکە بەناوی «ئاڵیاوا»، گۆڕی «سەیید محەمەد»یش نزیک بە لێواری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروانە، شیاوی باسە «سەیید عیسا» زانایەکی گەورە و پیاوێکی ئایینی ناودار بووە، دوای مردنی لە پاڵ براکەیدا «شێخ موسا» بەخاک سپێردراوە، دوای خۆی کوڕە گەورەکەی «سەیید عەبدولکەریم» و دوای ئەویش «بایەزیدی کوڕی سەیید عەبدولکەریم» بووەتەوە بەجێگرەوەی«١٢».

**خۆپیشاندانی دەروێشانی قادری**

کاتێک لە ساڵی «١٩٢١ز» شێخ مەحمودی حەفید دوورخرابوویەوە بۆ هیندستان، لە هەموو شوێنێکدا دەروێشەکانی لە ڕێگەی نمایشی مەزهەبی داوای گەڕانەوەی ئەویان دەکرد و سەرپێچی فەرمانی ئینگلیزەکانیان دەکرد، ئەو دەستە و کۆمەڵانەی کە دەچوونە ناو شاری سلێمانی و دەگەڕانەوە باسیان لەوە کردووە کە لە هەموو شوێنێکدا دەنگی دەف و تەپڵ بەرگوێ دەکەوێ و نمایشی یاریکردن بە ئاگر و بەردخواردن و تیربازی ئەنجام دەدەرێت، ئینگلیزەکانیش لەم بارودۆخە بێئاقەت بوون بە تایبەتی لەو کاتانەی کە دەیانبینی دەروێشەکان ماریان لە گەردنی خۆیان دەئاڵاند، ناوەندی کۆبوونەوە و نمایشی دەروێشەکان زیاتر لە ناوچەی سەرشەقام بووە کە شوێنی نیشتەجێبوونی خەلیفە «دۆم» بووە، «مێجەرسۆن - فەرمانڕەوای سیاسیی ئەوکاتەی ئینگلیز» زۆر ڕقی لە خەلیفە «دۆم» بووە، بۆیە فەرمانیداوە بە بەڕێوەبەری پۆلیس «سارجن براون» تا خەلیفە دۆم دەستگیر بکات، خەلیفەیش زۆر توورە دەبێت و لەبەردەم «سارجن» و ئەوانەی لەوێ بوون بەردێکی گەورە هەڵدەگرێت و دەست دەکات بە خواردنی، «سارجن» لە بینینی ئەم دیمەنەی خەلیفە دۆم ترسا و ئەو شوێنەی بەجێهێشت و ئەمەشی گەیاندە لای مێجەرسۆن، مێجەرسۆنیش فەرمانیدا بە زوویی ئازادی بکەن«١٣».

هەندێ جاریش دەروێشەکان فیشەکیان دەخوارد، حەمەکەریم ناوێک کە کارگوزاری گومرگ بووە و تەمەنی تەنها «١٨» ساڵ بووە، کاتێ کە بردیان بۆ لای فەرمانڕەوای سیاسیی، هەرکە گەیشتە نووسینگەکەی لەسەر مێزی بەڕێوەبەر گوێزانێکی گەورەی ڕیشتاشینی لەسەر دانرابوو، ڕاستەوخۆ پەلاماریدا و خواردی، کاپیتانیش ڕای کرد و هاواری کرد: ئەم کوڕە شێت بووە و گوێزانێکی خواردووە و ئێستا دەمرێ! بەڵام حەمەکەریم چەند شتێکی تریشی خوارد!، سەرەنجام کاپیتان سلێمانی بەجێهێشت«١٤».

**بنەماڵەکانی تری تەریقەتی قادری لە کوردستان**

جگە لەوی پێشتر باسکرا سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی تەریقەی قادری لە کوردستان، ئەم تەریقەتە لەناو چەندین بنەماڵەی تریش بلاوبوویەوە و برەوی پەیداکرد و چەندین کەسایەتی دیاری کوردستان لەسەر ئەو تەریقەتە بوون، لەوانە:

١- بنەماڵەی شەمزینان ناسراون بە سادانەکانی نەهری لە کوردستانی تورکیا، کە زنجیرەی تەریقەتیان دەچێتەوە سەر «شێخ عەبدولقادری گەیلانی»، نەهری بەشێکە لە «ناوچەی چیا»، بەڵام لە پاشماوەکانی ئەم بنەماڵەیە وازیان لە تەریقەتی قادری هێنا و چوونە سەر تەریقەتی نەقشبەندی، ناودارترینی شێخی شەمزینی «شێخ عوبێدوڵڵای نەهری»یە کە لەساڵی «١٨٨٠ز» شۆڕشێکی بەرپاکرد لە دژی دەسەڵاتی ستەمکاری ئەو کاتەی عوسمانی و قاجاری ئێرانی، پێش سەرهەڵدانی شۆڕشەکەی خەریکی کاروباری تەریقەتی خۆی بوو، بەڵام بەهۆی نالەباری و خراپی باردۆخی ئابووری و ستەمکاری حکومەتی ئەوکاتەی دەوڵەتی تورکی عوسمانی و قاجاری ئێرانی بەتایبەتی لە دژی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی تریش لەو گوندنشینانەی کە سەر بە شێخ بوون، وای لە شێخ کرد کە بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە نالەبارە دەستبداتە شۆڕشی چەکداری«١٥».

٢- بنەماڵەی ئاڵەبانی لە کەرکووک، دواجار شێخ محەممەدعەلی کوڕی شێخ عەلی ئاڵەبانی ڕابەری تەریقەتی قادری کردووە، هەروەها خانەدانی سەیید عەبدولڕەحمان ئاڵەبانی نزیکەی چل تا پەنجا ساڵ لە سەدەی نۆزدەدا یەکێک بووە لە کەسایەتییە ئایینیە گەورەکان لە کوردستان و نزیکەی پەنجا هەزار موریدی هەبووە و لەسەر تەریقەتی قادری بووە«١٠».

٣- بنەماڵەی بریفکانی لە ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆک، خانەدانی شێخ نورەدین بریفکانی «١٧٩١ - ١٨٥١ ز» ئەمیش تەریقەتی لە شێخ نوورمحەممەدی هیندی وەرگرتووە، ئەو لەدوای خۆی چەندین بەرهەمی لە بواری تەسەوف و پەروەردەی تەسەوف جێهێشتووە، کە لە هەموویان بەناوبانگتر کتێبی «البدور»ـە، لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی کوردستانی تورکیا و عێراق بۆ نموونە لە موسڵ خەلیفەی هەیە، نموونەی تریش وەک، شێخ عوسمان ڕیزوانی«١٦».

٤- لە ناوچەی بەتلیس و وان» لە باکوری کوردستان شێخ بەهائەدین کوڕی شێخ محەممەد کفراوی هەیە. «١٧»

٥- لە باشوری کوردستان لە ناوچەی «کەوانەدۆڵ» شێخ ئەحمەد هەیە.

٦- شێخ حسێن هاشمی حسێنی، لەگەڵ حاجی شێخ نەجمەدین هاشمی، لە سادانەکانی بەرزنجە و لە گوندی «شاه وەلەد»ی، سەر بە «ئەزگڵە».

٧- لە گوندی «نەجاڕ»ی، سەر بەشاری پاوە «مەلا شێخ محەممەد کوڕی شێخ قادری ئاڵەبانی» هەیە.

٨- بنەماڵەی چوێسە،چوێسە گوندێکە لە باشوری کوردستان، گەورە و سەرپەشتیاری ئەم بنەماڵەیە حاجی شێخ عەبدولقادری چوێسە بووە.

٩- لە شاری سنە خانەدانی شێخ سەلامە سوور هەیە، کە شێخ شەهابی خەلیفەی شێخ عەبدولکەریم ڕابەریانە.

١٠- لە ناوچەی «چولاخ» لە دیواندەرە:سەیید جەمال لە سادانەکانی پارسانیان ڕابەرییان دەکات«١٨».

١١- لە «هەمرولە»ی دەوروبەری شاری سنە، ڕابەرێک بە ناوی سەیید عەلا هەیە.

١٢- لە قەسری شیرین شێخ ئاهیر هەیە.

١٣- لە دۆڵاو، حاجی سەیید هادی هەیە.

١٤- لە «هانەسورە»: کە دەکەوێتە سنووری شاری هەڵەبجە شێخ نەجمەدین هەیە.

١٥- قەرەچێوار، نزیکی چەمچەماڵ لە باشوری کوردستان، شێخ ئیبراهیم هەیە.

١٦- لە «گاپیلۆن»، لە شارباژێر شێخ ئەحمەد هەیە.

١٧- لە «پێنجوێن»، لەباشوری کوردستان، شێخ کاکە حەمە هەیە، ئەم پیاوە لە ساڵی «١٩٨٥ز» کۆچی دوایی کردووە«١٩».

١٨- لە شاری پاوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنەماڵەی «خالس» هەیە، گەورەی ئەوان شێخ نەسرەدین بوو، کە لە ساڵی «١٩٧٨ز» کۆچی دوایی کردووە، و «حاجی شێخ ئەها» بووەتە شوێنگرەوەی«٢٠».

١٩- حاجی سەیید ئەشراف سادقی، خەلیفەی شێخ عەبدولکەریمی کربچنە، لە ئاران پەرەیدا بە تەریقەتی قادری، لە ئەنجامدا کۆمەڵێک کەس و موریدی لە دەوری خۆی کۆکردەوە.

٢٠- لە گوندی «ناوە» لە دەوروبەری بانە، حاجی سەیید عەبدولباقی لە خەلیفەکانی شێخ عەبدولکەریمی کرپچنە هەیە.«٢١».

## سیما و خەسڵەتەکانی دەروێش لە تەریقەتی قادریدا

١. لەگەڵ خەڵکیدا دۆستانە هەڵسوکەوت بکات , بە تەواوەتی هەوڵی ڕازی بوونیان بدات , نیشانی بدات بەهەت مواوەتی دەروێشێکی بە بەها و خاوەن کەسایەتییە.

٢. درێژکردنەوەی قژ و شۆردن و پاکڕاگرتنی.

٣. «گەڕاندنەوە: قەزا» کردنەوەی نوێژی فەوتاو و ڕۆژووی لەدەستچوو، ئەو زەکاتانەشی کەنەیداون.

٤. بۆ بەیعەتدان، پێویستە هەشتا هەزار جار زیکری «لا الە الا اللە» و سێ ڕۆژ بەڕۆژووبوون، ئەنجام بدات.

٥. لەدوای ئەنجامدانی هەر نوێژێک، گوتنی سەد جار زیکری «استغفر اللە».

٦. لە ڕۆژانی هەینیدا سەد هەزار جار و لە ڕۆژانی تردا پێویستە ٣٠٠ جار سەڵاوات بنێری بۆ گیانی پێغەمبەر محەممەد «د.خ».

٧. لە مزگەوت و تەکیە و لە ماڵ، یان لە هەر شوێنێک و شارێک یان گوندێک، هەرکاتێک کە ژمارەی دەروێشان گەیشتە دە کەس شەوانی سێشەممە و هەینی دوای نوێژی خەوتنان دەستدەکرێ بە زیکرکردن.

٨. نوێژ و ڕۆژوویەک باش ئەنجام نەدرابێت، یان قەرزار بێت، بە نوێژ و ڕۆژووی باش و تەواو پڕ دەکرێنەوە«٢٢».

لەدوای وەرگرتنی بەیعەت، ئەگەر مورید بیەوێ ڕێگەپێدراوە کە چەند کارێکی «نائاسایی: خارق العادات» ئەنجام بدات، وەکو یاریکردن بە ئاگر و تیخ لەخۆدان و چەند کارێکی تر، پێویستە ئەو پابەندیانەی سەرەوە لەخۆیدا پراکتیزە بکات، جا دەست دەداتە ئەم قۆناغە و هەرکاتێکیش کە دەروێش مەیلی دونیایی و دونیاپەرستی کەمبوویەوە، نازناوی «دێوانە» پێدەدەن، لە تەریقەتدا هەر موریدێک هەوڵبدات و خۆڕاگر و تێکۆشەر بێت لە بواری ئیرشاد و ئامۆژگاریدا، توانایەک لە خۆیدا نیشان بدات، ئەوا لە لایەن شێخەوە «مراد» پلە و مەقامی خەلیفەی پێدەبەخشرێت، کە دەتوانێ لە ئاستی خۆیەوە، وەکو شێخ ڕابەرایەتی تەریقەت بکات و بە تەواوەتی هەنگاوەکانی شێخ هەڵبگرێ و ببێتە ڕابەری تەریقەت و ڕمبازی و یاریکردن بە ئاگر و خواردنی شوشە و چەند کارێکی تری نائاسایی کە تایبەتە بە دەروێشانی قادری، ئەنجام بدات، هەروەها ژنانیش دەتوانن ببنە دەروێش و پەیڕەوانی ڕاستەقینەی تەریقەت کەسانی دونیانەویست و پاکن، هەمیشە خاوەنی دەروونێکی خاوێن و ژیانێکی سادەیان هەیە، ڕق لەدڵ نین و حەزیان لە پلەوپایەی دنیایی نییە و نان و ڕزقی خۆیان دەخۆن و ژیانی خۆیان لەڕێگەی کار و کۆششەوە دابین دەکەن«٢٣».

## زیکری دەروێشانی قادری

پەیڕەوانی تەریقەتی قادری دەڵێن: لەبەرئەوەی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب هەمیشە بەدەنگێکی بەرز و ئاشکرا زیکرەکانی خوێندووە، هەر لەبەرئەوە

دەروێشانی قادری لە کاتی زیکرکردن دەنگیان بەرز دەکەنەوە و چەند جوڵانەوەیەکیشی لەگەڵدا ئەنجام دەدەن، ئەو کەسەی کە دەبێتە دەروێش قژی سەری بە درێژی دەهێڵێتەوە، بەڵام دەوری سەریان وەکو ئەڵقەیەک تراش دەکەن و دەبێ قژیان بە پاکوخاوێنی بهێڵنەوە«٢٤». زیکری دەروێشانی قادری بە دوو جۆر ئەنجام دەدرێت:

یەکەم: لەکاتی دانیشتن، کە پێی دەڵێن «تەهلیل».

دووەم: ئەو جۆرە زیکرەی تریان بەوەستانەوەیە، کە پێی دەڵێن زیکری «قیام».

زیکری تەهلیل یان «تەلیلە»: ئەم جۆرە زیکرکردنە لەنێو دەروێشانی قادری یەکسانە و ئەگەر جیاوازیش هەبێت لەمبارەیەوە، جیاوازییەکی لاوەکیە، «زیکری تەهلیل» ئەوەیە کە سەرەتا دەروێشەکان لە مزگەوت یان لە تەکیە و یان ماڵ و یان شوێنێکی گونجاودا کۆدەبنەوە و شێخ یان خەلیفە، ئەگەر ئەوانیش نەبوون کەسێکی تر بەناوی «سەر زیکر» دەبێتە ڕابەری زیکرکاران و دوای بە ئەنجامگەیاندنی نوێژی بەیانی یان خەوتنان , زیکر دەست پێدەکات، ڕابەری زیکرکاران لە ناوەڕاست یان لەناو زیکرکاران دادەنیشێت و بەو تەسبیحانەی کە بەدەستیەوەن چەند جارێک «استغفرالله» دەکات و پاشان فاتیحە دەخوێنێ و دەروێشەکانیش لەگەڵی دەیڵێنەوە«٢٥».

زیکری قیام: ئەم زیکرە بە وەستان و بەپێوە ئەنجام دەدرێت لەنێو تەریقەتی قادریدا و لە بنەمادا یەکسانە , بەڵام دەکرێ ڕابەری هەر ناوچەیەک لەسەر بنەمای خواست و بەپێی پێویست هەندێ زیادەکاری تیادا بکات، لەم زیکرەدا خەلیفە یان سەر زیکر لە ناوەڕاستدا دەوەستێ و دەبێتە ڕابەری زیکرکاران , زیکر بە تەبڵ و دەف دەست پێدەکات، قژە درێژەکانیان پەخشان دەکەنەوە، لەهەمانکاتدا ئەو دەفەی لێرەدا لێدەدرێ شێوازی تایبەتی دەروێشانەیە، چونکە دەفەکانیان کۆمەڵێ ئەڵقەی زیوینیان پێوەکردوون کە لەکاتی لێداندا دەنگێکی خۆش و سەرنجڕاکێشی هەیە و تەپڵەکەشیان لەگەڵ زەڕبدا جیاوازی هەیە، چونکە تەپڵەکەیان دوو بەرگی پێستی پێوەیە، دووری نێوان ڕووەکەی و پشتەوەی یەکسانە، بەکەمێک جیاوازی، بەشێوەیەک کە لەپشتی زەڕبدا کونێک هەیە لەکاتی لێداندا بە تەواوەتی جیاوازە لەگەڵ تەپڵی دەروێشان، جگە لەم دوو ئامرازە مۆسیقیەی باسمانکرد هەر ئامرازێکی تر لەم کۆڕی زیکریەدا بە حەرام دادەنرێت، بەڵام ئەوەی بەڕاستی دێتە بەرچاو ئەوەیە کە زیکرکردن لەگەڵ دەف و تەپڵ و نەی لە سەرەتاکانی ئیسلامدا نەبووە، وەک ئەوەی ئێستا هەیە، بەڵکو ئەم شێوازە زیکرکردنە و گەشەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و سەیید ئەحمەدی ڕوفاعی«٢٦».

زیکری «قیام» لە شەوانی هەینی و سێشەممە ئەنجام

> **لەدوای وەرگرتنی بەیعەت، ئەگەر موريد بيەوێ ڕێگەپێدراوە کە چەند کارێکی «نائاسایی: خارق العادات» ئەنجام بدات، وەکو یاریکردن بە ئاگر و تێخ لەخۆدان و چەند کارێکی تر**

دەدرێت، لە زۆر کاتی تریشدا لە ڕۆژ یان شەوان ئەگەر ویستیان هەبوو ئەم زیکرە ئەنجام دەدرێت، سەرۆکی زیکرەکە لەدوای ستایشی خودای گەورە و داواکردنی یارمەتی لە خوا و پێغەمبەر «د.خ» و خەلیفەکانی ڕاشیدین و پیرانی تەریقەت بەتایبەتی «شێخ عەبدولقادری گەیلانی»، بەڵام لە خەلیفە داوای یارمەتی ناکرێت، ئینجا بە دەستەواژەی «حي اللە

زیکرێکی بە کۆمەڵ دەست پێدەکات، گوتنی «حي الله» ژمارەیەکی دیاریکراوی نییە، دووبارەکردنەوەی پەیوەستە بەئارامگری و توانای دەروێشەکانەوە هەیە، دەگونجێ نیو سەعات تا دوو سەعات درێژەی هەبێت، لە قۆناغی دووەمدا وشەی «حي» لەو حەلقە زیکرییەدا بەشێوەی ناڕوون و لێڵ دەوترێتەوە، تەنها وشەی «الله» بەشێوەی ڕوون و ئاشکرا بەسەر زماندا دەهێنرێت، ئەم زیکرە پێی دەڵێن «غوث»، لە قۆناغی سێهەمدا ئەم دروشمە دەڵێنەوە «حي حي حي الله»، یان «یاحي ویاقیوم، حي الله»، ئەمەش بەهەمان شێوە وتنەوەی دەکەوێتە سەر توانایی و ئاستی ئارامگریی دەروێش، لە قۆناغی چوارەمدا، زیکری «دائم ... دائم..» دەڵێنەوە، ئەمەش ژمارەیەکی دیاریکراوی نییە بۆ گوتن، ئیتر لێرەدا کۆڕە زیکرییەکە دەگاتە لوتکەی گڕوتین و دەنگی دەف و تەپڵیش دەبێ لەگەڵیدا بێت و قۆناغەکانی ئەم کۆڕە زیکرییە لەدەستی خەلیفە، یان سەرۆکی زیکرکارانداییە کەگۆڕانکاری تێدا بکات«٢٧».

لەدوای کۆتایی هاتنی کۆڕە زیکرییەکە، خەلیفە یان سەرپەرشتیاری زیکرکاران داوایان لێدەکات کە دانیشن، پاشان دەست دەکەن بە دوعا و فاتیحە خوێندن، بەم شێوەیە کۆڕی زیکر کۆتایی دێت و جاروباریش شیعر و نزای مەزهەبی بە زمانی کوردی لەگەڵ دەفدا، جا چ لە پێش فاتیحە خوێندن بێت، یان لەدوای فاتیحە خوێندنەوە، لەلایەن کەسێکی دەنگ خۆشەوە دەگوترێت، هەندێک جاریش ئاوازخوێنەکە بە ئاوازێکی غەمگین دەست دەکات بە مەدح و وەسفی شێخ، ئەم پیاهەڵدان و موناجاتە پێی دەڵێن «سۆز»، کە بێژەری موناجاتەکە لەگەڵ گوتنیدا پەینا پەینا فرمێسک بەچاویدا دێتە خوارەوە، کاتێک ئەم سەمای دەروێشانە دەگاتە لوتکەی کەماڵ، دەروێشەکان دەست دەکەن بە خواردنی شوشە و بەرد و ئاگر و سیخ و ئیغی ڕیش تاشین و زمان هێنان بە ئاستی سوورەوە بوودا، هەروەها دەستدان لە تەلی کارەبا، ئیتر ئەم کۆڕە زیکرییە وەکو جاران بە ڕێکخراوی نامێنێتەوە و دۆخەکە ئێکدەچێت و زیاتر بە پەرشوبڵاوی دەردەکەوێت، ئیتر لەو کاتەدا هەریەکە و بە دەنگی بەرز داوای یارمەتی لە خوا دەکات، هەندێکی تر داوا لە «غوث» واتە: «شێخ عەبدولقادری گەیلانی» دەکەن، هەندێکی تر لە شێخ داوا دەکەن«٢٨».

ئەوەی لێرەدا جێی تێبینییە ئەوەیە کە لەدوای دەرهێنانی ئەو سیخانەی کە لە گەردنیانداوە و بریندار بوون، بەڵام ئەو برینانە هەر بە دەستهێنانێک بەسەریدا سارێژ دەبێت، جاری وایش هەیە تا چەند ڕۆژێک پاشماوەی ئەم برینە دەمێنێ، بە بێ ئەوەی هیچ کێمی هەبێ، یان دەرزی بۆ چارەسەریان بەکاربێت، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر ئەم پەرشوبڵاوییە لەکۆڕی زیکردا، ڕابەری زیکرکاران بە وتنی «الله اکبر»، یان «الا الله» دەروێشەکان جارێکی تر ڕادەکێشێتەوە بۆ هێمنی و ئارامی پێشوو، بەڵام هەندێک دەروێش هەر درێژە بە زیکری خۆیان دەدەن و دەنگیان بەرز دەکەنەوە، بەڵام دواجار دەیانگرن و دایان دەنیشێنن و لەدوای کۆتایی زیکرەکە دادەنیشن و دوعا و فاتیحە دەخوێنن، لەم کاتەدا هەموویان قژیان پەرشوبڵاو بووەتەوە بەسەر شان و سەریاندا و ڕەنگیان کەمێک لەئاسایی خۆی دەگۆڕێ، ئیتر دەنگی دەف و تەپڵ نامێنێ، جار جار یەکێ بە خوێندنی موناجات و سەڵاواتدان ئەم بێدەنگییە دەشکێنێ«٢٩».

**دەرەنجام:**

١- تەریقەتی قادری مێژوویەکی دێرینی هەیە، شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە دامەزرێنەر دادەنرێت کە لە سەدەی شەشەمی کۆچی دایمەزراندوە ولە چەندین وڵاتی ئیسلامیی مورید و شوێنکەوتەی هەیە.

٢- چەندین بنەماڵە و کەسایەتی ناوداری کورد بوونەتە پەیڕەوکاری ئەم تەریقەتە و ڕۆڵیان لە مێژووی ئایینی و سیاسیی کوردستاندا گێڕاوە.

٣- تەریقەتی قادری خاوەنی سروتی تایبەت بەخۆیەتی و هەروەها کۆمەڵە زیکرێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە دەروێشی ئەم تەریقەتە والێدەکات پابەندیان بێت و ئەو زیکرانە بوونەتە بەشێک لە ناسنامەی ئەو

تەریقەتە.

٤- بەشێک لە ڕێبەرانی تەریقەتی قادری لە کوردستان تێکەڵی کاری سیاسیی بوون و لە قۆناغێکی مێژوویدا کاریگەرییان هەبووە. لەوانە شێخ مەحمودی حەفید.

٥- لە ئێستادا هەرچەندە بەراورد بە پێشتر پێگەی تەریقەت ڕووی لە لاوازی کردووە- بەڵام جۆرێک لە بەردەوامی هەیە، بەتایبەتی لەهەر دوو دیوی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، جگە لە کوردستانیش لەناو عەرەبەکانیشدا پەیڕەوکاری هەن.

## ژێدەر و پەراوێزەکان:

«١». دکتر قاسم غنی، تاریخ تصوف در اسلام، ، چاپ دوم، چاپخانە و انتشارات زوار، تهران، «١٣٤٠ – ١٩٦٢»، ل٨٣

«٢». دکتر مهیندخت معتمدی، نقشی از مولانا خالد نقشبندي و پیروان او، چاپ اول، چاپخانە و انتشارات پاژنگ، تهران، «١٣٦٨ – ١٩٩٠»، ل٢٢١

«٣». ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی، تەصەووف چییە؟ چاپی یەکەم، دارالحریة – بەغدا، «١٩٨٥»، ل٣٨٣

«٤». د. محەممەد فاضیل گەیلانی، نهر القادرية، چاپی یەکەم، دارالهداية – بیروت، لبنان، «١٩٩٩»، ل٨٣

«٥». مەلا حامیدی کاتبی بێسارانی، رياض المشتاقين، ئامادەکردنی: ئەبوبەکر سپهەردەین، چاپی یەکەم، چاپخانەی میهر، تاران، «١٣٨٦ه.ش ــ ٢٠٠٧م»، ل٣٩٩

«٦». موحەممەد ڕەئوف تەوەککولی، مێژووی تەصەووف لەکوردستان، وەرگێڕانی: یوسف زاهیر هەورامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر «٢٠١٥»، ل١٦٦

«٧». پێویستە خوێنەر ئەوە بزانێت کە لەو سەردەمەدا چەندەها ڕێبازی تری سۆفیگەری لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بوونیان هەبووە، بۆ نموونە «پیر شەهرەیار» کە نازناوی عاریفی گەورە «سەیید محەمەد تاجولعارفین ئەبوولوەفای پوشێنی نێرگسی کوردی»یە، دیارە جگە لەم گەورە سۆفی تریشمان لەو سەردەمەدا زۆرن، تەنانەت خودی پیری گەیلانی، پەسنی «پیر شەهرەیاری کوردی» دەدات، چونکە هاوسەردەم بوون و لە بەغداد بە خزمەتی یەکتر گەیشتوون و ئەم بابەتە زۆر بەجوانی لەپەڕتووکەکانی «هۆزی لەبیرکراوی گاوان و گاوانییە بەناوبانگەکان»، نووسینی: دکتۆر مستەفا جەواد، وەرگێڕانی: هەژاری موکریانی، چاپی کۆڕی زانیاری و چاپ دەزگای ئاراس لە هەولێر، هەروەها پەڕتووکی «مەناقیبی پیر شەهرەیار»، ئەبوولوەفای پووشێنی نێرگسەجاڕی، لێکۆڵینەوەی: زرار سدیق و دکتۆر عیماد عەبدولسەلام، چاپکراوی ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر، کە مێژووی ئەم پەڕتووکە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە «٧٠٠» ساڵ پێش ئێستا و لەلایەنی مێژووییەوە زۆر جێگای بایەخە، بەڵام ئەم بابەتە جێگای ڕاجیاییەکی زۆری نووسەرانی ئەم بوارەیە.

«٨». مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، چاپی سنە، کتێبفرۆشیی کانی– ٢٠١٠، ل٢٤٧

«٩». شێخ ئەحمەدی ئەحسائی: یەکێک بووە لەشێخە گەورەکانی تەریقەتی قادری، ئەو تەریقەتی لە شێخ حەسەنی بەسری وەرگرتووە، ئەویش لە شێخ محەممەد سادق، ئەویش لە شێخ محەممەد قاسم، ئەویش لە شێخ عەبدولفەتاح، ئەویش لە شێخ محەممەد غەریبوڵڵا، ئەویش لە شێخ عەبدولڕەئوف، ئەویش لە شێخ عەبدولقادری گەیلانی. بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، ل٢٣٦

«١٠». د.عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ط١: (٢٠٠٨م)، مطبعة خاني، من منشورات مؤسسة موكرياني، للبحوث والنشر، ص١٢٣

«١١». مارسا برێل ئۆلکۆت، سۆفیزم لەئاسیای ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی لەفارسییەوە: عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد – ئەحمەدئاوا، بڵاوکردنەوەی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی – ٢٠١٧، ل٣٣

«١٢». موحەممەد ڕەئوف تەوەککولی، مێژووی تەصەووف لەکوردستان، وەرگێڕانی: یوسف زاهیر هەورامی، چاپی یەکەم، ل١٩٠

«١٣». هەمان سەرچاوە، ل١٩١

«١٤». دکتر عبدالحسین زرین کوب، دنبالەی جستجو در تصوف ایران، چاپ اول، چاپخانە و انتشارات امیر کبیر، تهران، «١٣٦٢ – ١٩٨٤»، ل٢٨٧

«١٥». هەمان سەرچاوە، ل٢٩٧

«١٦». مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا، «١٩٧٩»، ل٣٨٤

«١٧». هەمان سەرچاوە، ل٣٨٧

«١٨». پۆرتاڵی ڕێبازی قادری لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت «www.alkadria.com»

«١٩». هەمان سەرچاوە.

«٢٠». موحەممەد ڕەئوف تەوەککولی، مێژووی

تەصەووف لەکوردستان، ل٢٨٤

«٢١». هەمان سەرچاوە، ل٢٨٩

«٢٢». دکتر قاسم غنی، تاریخ تصوف در اسلام، ل١٦٥ – مەلا حامیدی کاتبی بێسارانی، ریاض المشتاقین، ل٢١٧

«٢٣». هەمان سەرچاوە، ل١٧٢

«٢٤». دکتر مهیندخت معتمدی، نقشی از مولانا خالد نقشبندي و پیروان او، ل٢٧٩

«٢٥». هەمان سەرچاوە، ل٢٨٥

«٢٦». مەلا حامیدی کاتبی بێسارانی، ریاض المشتاقین، ل٤١١

«٢٧». هەمان سەرچاوە، ل٤١٧

«٢٨». فەرهاد شاکەلی، کە بازنە ولاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە، پوختە باس و مێژوویەک دەربارەی تەسەوف، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر «٢٠١٠»، ل٣٦ – ٤٣

«٢٩». مەلا حامیدی کاتبی بێسارانی، ریاض المشتاقین، ل٤١٩

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS